Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.6.6

# کورد وەک "ئەوی دی"ی خۆی لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا خوێندنەوەیەک لەژێر تیشکی تیۆریی پۆستکۆڵۆنیالیزمدا

**هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور/** بەشی کوری، فاکەڵتی ئاداب ، زانکۆی سۆران ،سۆران ،هەرێمی کوردستان، عێراق

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hazhar Ahmed Abdulghafur
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

RECEIVED :04 /02/2025
ACCEPTED :09/03/ 2025
PUBLISHED : 15/12/ 2025

## پوختە

ئەم تویژینەوەیە بە ناونیشانی (کورد؛ "ئەوی دی" خۆی لە رۆمانی (بەهاری ڕەش)؛ خوێندنەوەیەک لەژێر تیشکی تیۆری پۆستکۆلۆنیالیزم)ە، رۆمانی (بەهاری ڕەش) لە نووسینی "ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل"ەو، گیڕانەوەیەکە سەبارەت بە کارەساتی ئەنفالی گەرمیان. ئەنفالی کوردستان و گیڕانەوەکانی پەیوەست بەو کارەساتە، کەرەستەیەکی زۆر گرنگی توێژینەوەن بۆ دەرخستنی چۆنیەتی ڕوانینی تاکی کورد سەبارەت بە "ئەوی دی"ی خۆی، کە ئەو بەڵایەی بەسەردا هێناوە، بۆیە لە هەوڵدایە تا تێگەیشتنی کورد بۆ "ئەوی دی"ی خۆی لە یەکێک لە گێڕانەوەکانی تایبەت بە "ئەنفال" دەستنیشان بکات و ئەوە بخاتەڕوو؛ ئێمە لەم ڕێگەیەوە دەمانەوێت ئەوە دەستنیشان بکەین، ئایا لەم گیڕانەوەیەدا، سنوورێکی دیاریکراو لەنێوان کورد و بەرانبەرەکانیدا هەیە؟

ئەم توێژینەوەیە کە بە مێتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە، سەرەتا بە پشتبەستن بە تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزم، بەتایبەت بیروڕاکانی ئیدوارد سەعید و فرانز فانۆن، چوارچێوەی تیۆری باسەکە دادەڕێژێت. دواتر هەوڵ دەدات لەژیر تیشکی ئەو روانگە تیۆرییانە، جۆری دەرکەوتنی ئەو "ئەوی دی"ە دەستنیشانبکات.

لەم تویژینەوەیەدا ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین، کە کورد بووەتە "ئەوی دی"ی خۆی و زیاتر لۆمەکردنێکی خودیانە لەپشت گیڕانەوەکانەوە هەیە و ئەمەش وای کردووە، کە بەجۆرێک خۆی داوە بە دەستی حەتمیەتی مێژوویی دەسەڵاتی داگیرکەران و باڵادەستی ئەوانەوە.

**وشە سەرەکییەکان:**
پۆستکۆلۆنیالیزم، ئەوی دی،
داگیرکەر،
داگیرکراو،
بەهاری رەش.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

ئەگەر ژیانی کۆی مرۆڤایەتی لەژێر تیشکی ناسنامە و دەرکەوتە جیاوازەکاندا، ئاوێتەی ململانێ بێت، ئێمەی کوردیش لێی بێبەری نین و لە مێژوویەکی دوور و درێژەوە، ژیانێکی تێکەڵ بە کێشە و ململانێمان هەبووە و هەیە، تایبەتمەندی ئەم کێشە و ململانێیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لەژێر تیشکی ئەو پرسە سیاسییە مێژووییەدا بووە، کە کێشەی کوردی بەدیهێناوە؛ کێشەی داگیرکردنی کوردستان. ئەم پرسی داگیرکارییە بەدرێژایی مێژوو، شێواز و دەرکەوتەی جیاوازی بەخۆیەوە گرتووە و پەیوەندییەکی ئاڵۆزی لەنێوان ئەکتەرەکاندا بەدیهێناوە و لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە کاریگەریی بەجێهێشتووە، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان رۆڵیان لە درێژکردنەوەی مەودا و زەمەنی ئەو داگیرکارییە و ئەو ململانێیانە هەبووە، کە هەبوون و هەن. یەکێک لەو بوارانەی کە بەڕوونی دەتوانرێت جۆری ئەو پەیوەندییانە و ململانێی نێوان کارەکتەرەکان و کاریگەری ململانێکانی نێوانیان بەرجەستە بکات، ئەدەبیاتە، هەر بۆیە ئێمەش ئەم توێژینەوەیەمان بە ناونیشانی (کورد؛ "ئەوی دی"ی خۆی لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا) دەستنیشان کردووە، کە گێڕانەوەیەکە لەسەر کارەساتی ئەنفالی گەرمیان. کارەساتێک کە هێزێکی داگیرکەری کوردستان، بەسەر خەڵکیدا هێناوە.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە جۆری تیڕوانینی کورد(لە دەقەکەدا) بەرانبەر بەوانەی کە چەوساندوویانەتەوە دەستنیشان دەکات، ئەوە دەخاتەڕوو، پەیوەندی کورد بەرانبەر بە هێزە باڵادەستەکانی خۆی چۆن بووە و چۆن دەیانبینێت(یان بە دەربڕینێکی تر داگیرکەرەکانی). ئەم بابەتە خاوەن گرنگییەکی زۆرە و لە لێکۆڵینەوە پۆستکۆلۆنیالییەکاندا سەرنجی تایبەتی دەخرێتە سەر، چونکە دواجار لەلایەک ڕادەی کاریگەریی هێز و زەبر و زەنگی داگیرکەر یان سەردەست نیشان دەدات، لەلایەکی تریشەوە ئاستی وشیاری "ئەوی دی"ی داگیرکراو یان ژێردەستە دەخاتەبەرچاو، کە تا چەندە خۆی داوە بەدەست ریوایەت و حەتمیەتی مێژوویی دەسەڵاتی داگیرکەر و خۆی بە نزمتر و بێ خولیاتر لەچاو ئەو چاو لێ دەکات، یان بە دەربڕینیکی تر خۆی دەبێتەوە بە "ئەوی دی"ی خۆی.

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەمان ئەوەیە، کە لەم گێڕانەوەیەدا، ئێمە شاهیدی جۆرێک لە دەروونی کردنی ژێردەستی و باڵادەستی مێژوویی داگیرکەر یان سەردەستی ئەوان بووین، بەڕادەیەک کە تەنانەت هەوڵدانی خۆمان بۆ ئازادی و ڕزگاری، کە مافێکی سروشتییە، دەکەینە پاساوی خراپەکارییەکانی ئەوانی تر. بەم جۆرەش ئەوی دی بۆ ئێمە، داگیرکەرەکان نین، بەڵکوو خودی خۆمانین، واتە کورد.

## پرسیاری توێژینەوە:

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو گریمانەیە، هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:

١ـ "ئەوی دی" ی کورد کێیە؟

٢ـ تا چەند سەرنج خراوەتە سەر جیبەجێکاری ئەو تاوانەی کە بە ئەنفال ناسراوە؟

٣ـ تا چەندە تیشک خراوەتە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پشت پاساوەکانی داگیرکەر بۆ ئەنجامدانی وەها کردەوەیەک؟

٤ـ تا چەند توانراوە ئاڵنگاری بۆ ریوایەتی باڵادەستی ئەوانی تر(سەردەست یان داگیرکەر) دروست بکرێت؟

## میتۆدۆلۆژی و سنووری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە کە بە مێتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە، سەرەتا بە پشتبەستن بە تیۆری پۆستکۆلۆنیالیزم، بەتایبەت بیروڕاکانی ئیدوارد سەعید و فرانز فانۆن، چوارچێوەی تیۆری باسەکە دادەڕێژێت. دواتر هەوڵدراوە لەژێر تیشکی ئەو ڕوانگە تیۆرییانەدا، جۆری دەرکەوتنی ئەو "ئەوی دی"ە دەستنیشان بکرێت.

بێگومان هەڵبژاردنی ئەم ڕۆمانە(بەهاری ڕەش) بۆ کارلەسەرکردن، لەبەرئەوەیە یەکێکە لە دەقەکانی پەیوەست بە کارەساتی ئەنفال و نووسەرەکەی "ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل"(١) بۆ خۆی خەڵکی گەرمیانە و لە نزیکەوە ئاگاداری

قوڵایی تراژیدیی ئەو کارەساتە بووە. ئەم بەرهەمەشی لە ساڵی ٢٠١٣دا، لە لایەن یەکێتی نووسەرانی کوردستانەوە خەڵاتی دووەمی بۆ بەرهەمی ئەدەبیاتی ئەنفال پێ بەخشراوە.

### 1-ڕوانگەی پۆستکۆلۆنیالی؛ دوانەی سەردەستە و ژێردەستە؛ داگیرکەر و داگیرکراو

مرۆڤ بە سروشت و تایبەتمەندی خۆی بە دوای هێز و دەسەڵاتەوەیە؛ بەو مانایەی هەر کارێک کە دەیکات بەو ئاڕاستەیەیە کە بتوانێت کاریگەری لەسەر بەرانبەرەکانی دانێت و هەژموون و قەڵەمڕەوی خۆی بەرفراوان بکات. ئەم تێگەیشتنە ڕەنگە لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەی هیگل ناکۆک نەبێت کە دەڵێ "مرۆڤ تەنیا بەو ڕادەیە مرۆڤە، کە بیەوێت خۆی بەسەر مرۆڤێکی تردا بسەپێنێت و باڵایی خۆی لەلای ئەو جێگیر بکات."(شاهمیری: ١٣٨٩: ١٣٨٩) ئەمە تەنیا لە ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵە خەڵکی تایبەتدا نامێنێتەوە، بەڵکوو پەرەدەستێنێ و تەنانەت دەبێتە بەشێک لە تایبەتمەندی نەتەوەکانیش. ئەم ململانێیەی هێز و دەسەڵات لە مێژوودا، لە قاڵب وفۆرمی جیاوازدا خۆی نیشانداوە؛ یەکێک لەو فۆرمانە لە مێژووی سیاسی نەتەوەکاندا بەرجەستە دەبێت و، پەیوەستە بە پرسی داگیرکاری و داگیرکراوی، یان سەردەستەیی و ژێردەستەیی لە پێوەندی نێوانیاندا. ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پڕ لە گرێ و گۆڵە و چوارچێوەی پێناسەکردنی زۆر ئاڵۆزە؛ ئەمەش بۆ ئەو ململانێ و ئاڵۆزییانە دەگەڕێتەوە، کە لێیەوە پەیدا دەبن و جگە لە تایبەتمەندی جیاوازی نەتەوەکان، پەیوەستیشن بە کاریگەرییە ماددیی، ئابووری، کولتووری، زەینی، هزری و کۆمەڵایەتییەکانی لایەنەکانی ململانێوە. لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە لەم پەیوەندییە، خاوەنی گرنگییەکی تایبەت بەخۆیە، یەکێک لەو ڕوانگە تیۆرییانەش، کە ئەم بابەتە و ڕەهەندە جیاوازە سیاسی، کولتووری، زەینی، هزری و کۆمەڵایەتییەکانی دەردەخات، تیۆری پۆستکۆلۆنیالیزمە.

پۆستکۆلۆنیالیزم لەلایەکەوە بە مانای ئەو رەخنانەیە کە ناوەندی سەرنجیان لەسەر دەق و نووسەرەکانی ئەو وڵاتانەیە، کە سەردەمێک لە ژیانی خۆیان لەژێر دەستی داگیرکەردا بەڕێکردووە و بە سەربەخۆیی گەیشتوون، لە لایەکی تریشەوە ئەم ڕوانگە تیۆرییە ئەو دەقانەی نووسەرانی دەرەوەی ئەورووپا(داگیرکراو) و نووسەرانی ئەورووپی لەبارەی وڵاتە داگیرکراوەکان، شی دەکاتەوە. (سبزیان، کزازی: ١٣٨٨: ٣٨٨). بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئەم ڕوانگە ڕەخنەیە لەسەر بنەمای بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ئیدوارد سەعید، سەبارەت بە جۆری تێڕوانینی ئەورووپا و ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات(ئەوانی تر) بونیاتنراوە، کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، بەناوی ڕۆژهەڵاتناسی، خستوویەتەڕوو. ڕەخنەی پۆستکۆلۆنیالی باسی پێوەندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو، ناوەند و پەراوێز و هەروەها پێوەندی نێوان کولتووری داگیرکەر و داگیرکراو دەکات. (سبزیان، کزازی: ١٣٨٨: ٣٨٨). دیارە ئەگەر بێت و باس لە پۆستکۆلۆنیالیزم و سنووری بابەتەکانی بکەین، زۆر فراوانە؛ ئێمە لێرەدا تەنیا سەرنج لەسەر چەند چەمک و بابەتێکی دیاریکراوی چڕ دەکەینەوە، بۆیە یەکسەر دەچینە سەر ئەو بابەتانە.

وەک باسمان کرد، لە پرسی پۆستکۆلۆنیالیزمدا، ئێمە لەگەڵ دوو چەمکی کۆلۆنی و کۆلۆنیکراو یان داگیرکەر و داگیرکراو، یان سەردەستە و ژێردەستە ڕووبەڕوودەبینەوە؛ یان بە دەربڕینێکی ڕاستتر، لەگەڵ دوو جەمسەری بەرانبەر یەک ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پڕ لە ململانێیان لەنێواندا هەیە.

ئەوەی کە پەیوەستە بە بونیاتی هزری داگیرکەر و پەرەپێدانی سنووری هەژموون و دەسەڵاتی خۆی، لە چوارچێوەی گوتارێکدایە، کە باوەڕی بە باڵادەستی خۆی هەیە و لەسەر ئەم بنەمایەش، ڕەوایەتی هەر کار و کردەوەیەک بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. ئەوان پێیانوایە بۆ ئەوە دروستکراون، ڕاستەڕێی مێژوو و ڕەوتی گەشەسەندنی نەتەوەکان دەستنیشان بکەن. ئیدوارد سەعید کە یەکێک لە کاریگەرترین سیماکانی ئەم ڕوانگە تیۆرییەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ناساندنی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی کە گوتارێکە و لەسەر بنەمای ڕەوایەتیدان بە داگیرکاری دامەزراوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە" بەشێوەیەکی توند و بەند، ستراتیژی ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لە وەزیفەی ئەو باڵادەستییەی کە ئەورووپا هەیەتی و زبر نییە و شوێن بۆ ئەورووپا لەناو هەمووجۆرە پەیوەندییەک دەکاتەوە لەگەڵ ڕۆژهەڵات. بێ ئەوەی هەرگیز دەستی لێ بەربێ و رکێفی لەسەر نەمێنێ." (سەعید: ٢٠١٨: ٣٨) بێگومان ئەم تێڕوانینەش لەسەر ئەو بنەمایەیە کە ئەورووپا لە زەینییەتی ئێمەدا نیشانەیە بۆ هێز و باڵادەستی هزر، کولتوور و ئابووری. بە دەربڕینێکی تر، ئایدیۆلۆژیای داگیرکاری

لەسەر بنەمای گوتاری داگیرکارییە، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایە دارێژراوە کە داگیرکەر باڵاترە لە داگیرکراو، بۆیە خەڵکی خۆجێیی بە خەڵکی وەحشی، دڕندە، دەبەنگ و پێشنەکەوتوو دێنە ئەژمار. (Tyson: 2006: 419) بنەجێکردنی ئەم تێگەیشتنە سەبارەت بە خەڵکی داگیرکراو و ژێردەستە و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هیچ دەرکەوتەیەکی شیاوی ڕێز و بەخۆنازین لەلایان، دەبێتە سەرەتای کوشتنی هەستی باوەڕبەخۆبوون و، پەرەپێدان بە جۆرێک لە گوناهباریی هەمیشەیی و مانەوە لە ژێردەستەییدا. چونکە ئەمە دەبێتە جۆرێک لە حەتمییەتی میژوویی و ئەوە دەکرێتە ئەرگیۆمێنت، کە مادام ئەوان خاوەنی هێز، دەسەڵات، ڕەوایەتی کولتووری، ئابووری و ...هتدن، ئیتر وەستانەوە لە بەرانبەریان، مەلەکردنە بە پێچەوانەی ڕەوتی میژوو؛ بۆیە سەرەنجام ملدان بە ژێردەستی دەبێتە بەشێک لە تایبەتمەندی کەسایەتییان.

کاتێک گوتاری داگیرکاری دێتەناوەوە، بەدوای درووستکردنی بەستێن و فەزای ڕەوایەتییەوەیە بۆخۆی. ئەم گوتارە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت، کە ئەو جەمسەرانەی ململانێ، کە هەن و وەکوو ئامانجێک دەیانبینێت، دەستنیشان بکات و پاساوی ڕووبەڕووبوونەوە و ملکەچکردنیان بۆ بدۆزێتەوە. بۆیە داگیرکردن و هەوڵدان بۆ سەردەستەکردنی خۆی، تەنیا بە داگیرکاری فیزیکی سەرزەمینەکان ناهێڵێتەوە، بەڵکوو هەوڵدەدات جێی ڕێوڕەسم و باوەڕی خەڵکەکەش، بە بەها و دەسەڵات، یاسا و باوەڕەکانی خۆی پڕ بکاتەوە. (Dobie: 2015;211) لێرەوە ئیتر بەرەبەرە هەوڵدەدرێت هەموو بنەماکانی باوەڕبەخۆبوون و جیاوازی نەتەوەکان بنکۆڵ بکرێت و هەلومەرج بۆ پرۆسەی داگیرکاری و لەناوبردنی درێژخایەن و تەنانەت هەمیشەییش خۆش بکرێت.

بێگومان ئەگەر ڕوانگەکانی تایبەت بەم دووجەمسەرکردنە باسبکەین، مەودایەکی زۆر فراوانی دەوێت، بەڵام ئەم دوو جەمسەرکردنە هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ بنەمایەکی گوتاری دیکە، کە لە ڕەوتی خوێندنەوە پۆستکۆلۆنیالییەکان و تەنانەت پرسی کۆلۆنیالیزمیشدا، خاوەنی گرنگی تایبەت بە خۆیەتی؛ ئەویش "ئەوی دی"ە.

**ئەوی دی(ئەوی دیکە)**

چەمکی "ئەوی دی"، ڕاستەوخۆ گرێدراوی چەمکی "خود"ە. ئەم بابەتە ڕەهەندێکی قوڵی دەروونناسی و کولتووری هەیە و بابەتی زۆرێک لە زانایانی بواری دەروونناسی لەوانە فرۆید(١٨٥٦-١٩٣٩) و ژاک لاکان(١٩٠١-١٩٨١) بووە؛ "لە گشتیترین ئاستدا، ئاماژە بۆ پەیوەندی دووجەمسەریی لەنێوان خود و کەس یان شتێک دەکات، کە جیاوازە و وەکە "ناخود ـ بێجگە لە خود none-self" پێناسە و جێگیرکراوە."(شاهمیری: ١٣٨٩:١١٠) بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەوی دی، ئاماژە بۆ ململانێیەکە کە لە ئارادایە و دەهێنرێتە کایەوە، بۆئەوەی ڕەوتی ململانێکەی پێ تەواو بکرێ.

لە ڕەوتی ژیانی داگیرکاری و ژێردەستەییدا، "ئەوی دی" ڕوانگەیەکی نەرێنییە و پەیوەستە بە کێشانی سنوور لەنێوان داگیرکەر و ژێردەستەکەیدا؛ نەرێنی بەو مانایەی کە داگیرگەر، داگیرکراو بە "ئەوی دی"ی خۆی دەزانێ و هەوڵدەدات سنوورێکی دیاریکراوی لەگەڵدا بکێشێت؛ لەم گۆشەنیگایەوە، داگیرکراو بە ئەوی دی پێناسە دەکرێت و تایبەتمەندییەکانی لە ڕێگەی گوتارگەلێکی وەک سەرەتایی بوون و وەحشی بوون دەخرێنەڕوو، ئەمەش وەکووو ڕێگەیەک بۆ جیاکردنەوەی دوانەیی داگیرکەر و داگیرکراو.(Ashcroft, Griffiths and Tiffin: 2013: 186)، واتە ئەوی دی لە ڕوانگەی هێزی باڵادەست و سەردەستەوە، کەس یان کولتوورێکی بێهێز و بێنرخ و بە دوور لە شارستانییەتە و شایستەی ئەوە نییە، کە نوێنەرایەتی خۆی بکات، بەڵکوو دەبێت نوێنەرایەتی بکرێت و ڕێگەکانی شارستانییەت و ژیانی بۆ دیاری بکرێن، بۆیە لەلای زۆرێک لە خاوەن ڕایان ئەم "ئەوی دی"ە، وەکوو سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی "خود" یان "من" چاوی لێ دەکرێ.(شاهمیری: ١٣٨٩: ١١٠)

"ئەوی دی" لە ڕوانگەی بیرمەندێکی وەکوو ئیدوارد سەعید، وێنەیەکی دروستکراوی دوور لە واقیعی لێ نیشاندراوە. ئەو وێنەیە وێنەیەکی ناکامڵ و شێوێنراوە، بۆیە لەم بارەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ وێنەسازی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئاسیاییەکان دەڵێ "ئەوەی لێرە حسێبی بۆ دەکرێت ئەوەیە، کە ئاسیا لەڕێگەی خەیاڵی ئەورووپاوە قسە دەکات، کە وەک سەرکەوتووێک بەسەر ئاسیا وەسف کراوە. ئەم "ئەوی دی"ە، جیهانێکی دژە تا ئەودیوی دەریاکان و، هەست و سۆزی بەتاڵ و بزربوون و کارەسات دراوەتە پاڵ ئاسیا."( سەعید: ٢٠١٨: ١٢٦) هەربۆیەشە لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ ڕۆژهەڵاتی داهێنراو لەلایەن ڕۆژئاواوە. سەعید هەر لەم پێوەندییەدا و سەبارەت بەو وێنە شێوێنراو و دروستکراوە،

زۆر بە "دژی ئەو وێنە درووستکراوانەی ڕۆژئاوا ڕادەوەستێت، کە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتییەکان درووستیان کردوون، کە بە نالۆژیکی، گوناهبار(گەندەڵ)، منداڵ سیفەت و جیاواز دایاندەنێ. ئەمەش وای کردووە و ئەو مافەیان بە خۆیان داوە کە ڕۆژئاوایی بە عاقڵ و پاک و ئاسایی لەقەڵەم بدەن."(ال گورین: ١٣٨٨: ٣٨٦)

بەمجۆرە دەبینین داگیرکەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەموو ئامراز و پێوانەکانی هێز و دەسەڵاتی خۆی، شانازیکردن بە کولتوورەکەی، بە پەست دانانی بەرانبەرەکەی، ڕێگا بۆ مەودایەکی بەرفراوانی سڕینەوە و نەهێشتن و پاسیڤکردنی بەرانبەرەکەی دەکات و لێرەوە ڕەوایەتی و حەتمییەتی مێژوویی خۆی لە دەروونی داگیرکراودا دەچەسپێنێت و بەتەواوی لە هێز و وزە دایدەماڵێت.

## دەروونیکردنی بەهاکانی داگیرکەر، خۆبەکەمزانی، گوناهکاریی هەمیشەیی

وەک باسمانکرد دوای ئەوەی کە داگیرکەر ئەوی دی پێناسە دەکات و سنووری ڕەفتار و هزر و شوێن و پێگەی دەستنیشان دەکات، هێدی هێدی هەوڵدەدات لە ڕێگەی هەموو ئەو ئامرازانەی کە هەیەتی و لەبەردەستیدان، خۆی بە تاقە ڕیوایەتی باڵادەستی مێژوو نیشان بدات. بەمجۆرە بە ئامانجی سڕینەوەی تەنانەت تاقە ئومێدێکی دەروونی لە زەینی داگیرکراویش، هەنگاو هەڵدەبڕێت. لێرەدا پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و یەکلاییکەرەوە سەرهە دەدات، کە تاڕادەیەکی زۆر چارەنووسی داگیرکراو دەستنیشان دەکات. ئەویش ئەوەیە ئایا بەهاکانی داگیرکەر لە دەروونی داگیرکراودا، وەک ڕیوایەتی باڵادەست و ڕەوا خۆیان دەردەخەن یان نا؟

یەکێک لەو بیرمەندانەی کە بەڕوونی تیشکی خستووەتە سەر ئەم هەلومەرجە، فرانز فانۆنە(١٩٢٥–١٩٦١). فانۆن باوەڕی وایە، ئەم پێوەندییە لەنێوان داگیرکەران و "ئەوی دی"ەکانیاندا، پێوەندییەکی ئاڵۆز و پڕ کێشەیە. فانۆن باوەڕی وایە، کەسی داگیرکراو تووشی(دارمانی ئیگۆ- خود) دەبێت؛ ناچار دەکرێت زمانی داگیرکەر بەکاربێنێت و سەرەنجام پەسەندیشی دەکات و هەم ناچاریش دەکرێت کە لاشعوری داگیرکەر قبوڵ بکات (ئەو باس لە فەرەنسا دەکات)؛ بەم جۆرە ڕەشپێستیی بە گوناه و خراپە پێناسە دەکات و سپیپێستیش بە پاکی و ڕاستی. (Bressler: 2007: 239)

دواجار لە ئەنجامی ئەم بەردەوامێتییەی چەپاندنی داگیرکراو و قبوڵکردنی بەهاکانی داگیرکەرەوە، هەلومەرجێکی دەروونی دێتە کایەوە، کە ئیتر لەناو دڵ و دەروون و باوەڕی داگیرکراواندا، شێوە دەگرێت. بەم جۆرە ژێردەستە بووەتە ڕێگایەکی ستاندەرد بۆ دیاریکردنی بابەتەکانی کۆلۆنییەکان، کە لەلایەن دیسکۆرسی سەردەستەکانەوە(ئەورووپییەکان) بونیاتنراون و لە لایەن خەڵکە داگیرکراو و ژێردەستەکەوە، دەروونیکراون.(Abrams and Harpham: 2011: 238)

لە ڕاستیدا ئەم دەروونی کردنەی بەهاکانی داگیرکەر، یەکێکە لە کێشە هەرە بنەڕەتییەکانی هەر بزووتنەوەیەکی دژە چەوسانەوە و داگیرکاری. هەر ئەمەشە وای کردووە، کە فانۆن لە یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانیدا بە ناونیشانی پێستی ڕەش و نیقابە سپییەکان، ئاماژە بە وتەیەکی "ئێمە سێزار" دەکات، کە دەڵێت "من لەبارەی ئەو ملیۆنان مرۆڤەوە قسە دەکەم کە ترس و گرێی خۆ بە کەمزانی و لەرزین و نائومێدی و نۆکەری، زانایانە پێیان تەڵقین کراوە."(بە وەرگیراو لە گوتارێک لەبارەی کۆلۆنیالیزم). فانۆن لە درێژەی کتێبەکەی خۆیدا و هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دەروونی کردنە و ئەو گرێی خۆ بەکەمزانینە، دەڵێ " هەر مرۆڤێکی داگیرکراو، واتە هەر مرۆڤێک کە دەروونی لەبەر لەناوبردنی ڕەسانەیەتی کولتوورە لۆکاڵییەکەی، گرێیەکی خۆ بە کەمزانینی تووش بوو، هەڵکەوت و شوێنی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ زمان و کولتووری نەتەوەی باڵادەست دیاریدەکات." (فانون: ١٣٥٥: ١٧) ئەمە تا ئاستێکی ئەوتۆ دەچێتە پێشەوە، کە تەنانەت بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە بەشێک لە هێزی جێبەجێکەری پلانەکانی داگیرکار، ئەمەش دەرەنجامێکی تارادەیەک سروشتییە؛ چونکە کاتێک دەسەڵات هەموو سنوورێکی ناسنامە و کەسایەتی تاکەکانی لەناو کۆمەڵگەدا، بە هێز و دەسەڵاتی خۆی دەستنیشانکرد، ئیتر هەستی خۆگونجاندن و ڕاهاتن پەرەدەستێنێت و سەرەنجام داگیرکراو تێیدا دەتوێتەوە. هەر لە درێژەدا فانۆن وەکوو نموونە ئاماژە دەکات و دەڵێت "لە سوپای داگیرکەردا، بەتایبەتی لە یەکەکانی ئیعدامکردن لە سەنیگال، ئەفسەرە لۆکاڵییەکان لە پلەی یەکەمی وەرگێڕەکانن و ئەرکیان گەیاندنی فەرمانی گەورەکانە بە هاوشێوەکانی خۆیان و هەر لەبەرئەمەشە خاوەن جۆرێک لە دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی بوونی خۆیانن." (فانون: ١٣٥٥: ١٧) بەمجۆرە ئەوان بە خۆگونجاندنیان لەگەڵ بەهاکانی داگیرکەر یان پەسەندکردنیان، بەدوای ئەوەوەن کە

بتوانین خۆیان بپارێزن و مەودایەکی دوور لە ناسنامەی ڕەسەن و سەرەکی خۆیان وەرگرن.
لێرەوە پرسێکی جدی سەرهەڵدەدات؛ ئەوەش ئەوەیە کە لە ئەنجامی ئەم پەسەندکردن، خۆگونجاندن و تەنانەت توانەوەیەوە، مەترسی لەناوچوونی هەست و ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوە ڕووی تێ دەکات و دەبێتە خۆرەیەک بۆ گیانی کۆی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگە و توێژ و چینە ژێردەستەیە.
لە ڕاستیدا یەکێک لە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە پۆستکۆلۆنیالییەکان دروستکردنی ئاڵنگاری بۆ ئەو ریوایەت و تێگەیشتنانەیە، کە باڵادەستەکان خولقاندوویانە؛ کە تییدا "ئەوانی تر"ی داگیرکراو نەک تەنیا خراونەتە پەراوێزەوە، بەڵکوو وەکووو یەکەیەکی کولتووریش پاک دەکرێنەوە و لە لایەن گێڕانەوەیەکی پێچەوانەوە جێیان پڕدەکرێتەوە. ( Abrams and Harpham: 2011: 237-238) . بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا گرنگە ئەوەیە، کە زۆرجار ئەو پرۆسەی "ئەوی دی" سازییە، کارێکی وا دەکات، کە تۆ بکەویتە ناو داوی باوەڕهێنان بە پەستی و نزمی خۆت و بەمشێوەیە لەناو هەموو بەرهەمە کولتووری و ئابووری و سیاسییەکانی ئەواندا بتوێیەوە، بەمجۆرە ئەو حەتمیەتە مێژووییەی کە باسمان کرد، بەدیبێت؛ چونکە کاتێک بە شێوەیەکی سیستەماتیک کولتوورەکەت قەدەغە کراو و بێ نرخ نیشاندرا، ئەوا خەڵکانی خۆجێیی خۆیان بە پلە دوو و پەستتر دەزانن لەچاو داگیرکەرەکانییاندا.(211 :Dobie: 2015). لەم ڕوانگەیەوە ئیتر بەجۆرێک لە جۆرەکان هەر خودی لەدایکبوون لە قاڵبی ئەو گرووپە خەڵکە، جۆرێک گوناهی ئەبەدییە؛ بەومانایە کە نابێ بیر لە دنیایەکی گەورەتر، خەیاڵێکی بەرزتر، ژیانێکی ئارەزوومەندانەتر، وشیارییەکی باڵاتر بکەیەوە. ئەمەش واتە ملدان بۆ ڕەوابوونی ئەوان و پەسەندکردنی بوونی ئەوان وەک حەتمیەتی مێژوویی. ئەم تێگەیشتنە سەبارەت بە بوونی خۆت دەبێتە هۆی ئەوەی کە مافی بەرپەرچدانەوە، بە جۆرێک لە گوناه و ئەم گوناهبارییەش بە شایستەی سزا بزانرێت.
فانۆن لەپێوەندی لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی داگیرکاری وبەتایبەتی خەباتی نەتەوەیی ورزگاری نەتەوەیی، تێگەیشتنێکی هەیە، زۆر جێگەی سەرنجە. ئەو دەڵێ "ڕزگاری نەتەوەیی، رابوونی نەتەوەیی، گێڕانەوەی نەتەوەکان بۆ خەڵکەکانیان، هەر ناوێکی تری لێدەنین و بەهەرجۆرێک بێ، ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە نەهێشتنی داگیرکاری هەمیشە کارێکی توندوتیژانە بووە."(1 :Fanon: 2004) هەر لەپێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا فانۆن پێیوایە ڕێگەی بووژاندنەوەی نەتەوەیەک و دەرکێشانی لەژێر باری ناسنامەی داگیرکەراندا، دوای قۆناغی تواندنەوە و سەرلەنوێ بوژاندنەوەی نەریتە کولتوورییەکانی نەتەوەی داگیرکراو، قۆناغی شەڕ و بەدەستهێنانەوەی خودیەتی ئەو نەتەوەیەیە(Waugh: 2011:345)،(١) کە وەکوو باسمانکرد لەلایەن هێزی داگیرکەر و باڵادەستەوە توێنراوەتەوە.
خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە، کە زۆرجار ڕادەی دەروونی بوونی بەهاکانی داگیرکەر، یان باوەڕهێنان بە حەتمیەتی هێز و دەسەڵاتی سەردەستە، وا دەکات ڕەوایەتیی کردەوەکانی خۆت بۆ بەدەستهێنانی خودییەت و سەرفرازی، بخەیتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی کە لەم توێژینەوەیەدا سەرنجی دەخەینەسەر.

## 2-کورد وەک "ئەوی دی"ی خۆی لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) دا

ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) گێڕانەوەیەکی تایبەت بە ئەنفالە لە نووسینی "ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل". ئەم ڕۆمانە باس لە گرتن و ئەنفالی خەڵکی گەرمیان دەکات و بەسەرهاتەکان بە زۆری لە گۆشەنیگای کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، واتە "سابیری حاجی عەلی" دەگێڕدرێنەوە. دوای ئەوەی ناوبراو دەگرن و دەیبەنە قوتابخانەیەک لە دوزخورماتوو و لەگەڵ خەڵکە گیراوەکەی ئەوێ تێکەڵ دەبێت و لەوێوە بە ناسینی و کەوتنە قسە لەگەڵ کارەکتەرەکانی تر، درێژە بە گێڕانەوەکان دەدات و ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەر لە وەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردووی خۆی و باسکردنی تایبەتمەندی سروشتی گەرمیان و حەزی خەڵکەکەی گەرمیان بۆ ناوچەکەیانەوە بگرە، تا دەگاتە قسەکردن لەبارەی چۆنیەتی هەڵکوتانە سەر خەڵک و گرتنی خەڵک و دیاریکردنی وەک وەرگێڕ و دواتریش ناشتنی تەرمەکان و ....هتد.

### کورد؛ ئەوی دی خۆی(جاش)

وەک پێشتر لە چوارچێوە تیۆرییەکەدا باسمان کرد، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کاریگەری هزر و دەسەڵاتی داگیرکەر ئەوەیە، کە داگیرکراو یان ژێردەستە بۆ نیشاندان و کردنەوەی جێگایەک بۆ خۆی، لەناو بەهاکانی داگیرکەر یان

سەردەستەکەیدا، هەوڵی خۆپێناسکردنەوە و خۆگونجاندن دەدات؛ دواجار ئەم توانەوە یان خۆگونجاندنە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خۆی وەکوو "ئەوی دی"ی هاوخوێنەکەی نیشان بدات، یان لە لایەن هاوخوێنەکانیەوە بەوشێوەیە وەربگیرێت.
شتێکی سەرنجڕاکێشە کە لە یەکەمین دیمەنەکانی ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا، دوای ئەوەی "سابیری حاجی عەلی" دەهێنرێتە ناو قوتابخانەکە، کە بۆ کۆکردنەوەی خەڵکەکە ڕێکیان خستوون، هەموو دیمەنی ئەوانەی کە ئەو هەموو خەڵکەیان پەستاوەتە ناو ئەو بینایانە، لە دوو چەکداری شەرواڵ لەبەردا، کورت دەکاتەوە؛ "دەمەو ئێوارێ سێیەمین ڕۆژ، پیکابێک بە توند هات و لەپێش یەکێ لە قوتابخانەکانی شاری دووز... کە بۆ ئەو مەبەستەیان تەرخان کردبوو، وەستا. بە پڕتاو دوو چەکداری شەرواڵ لەپێ لە پیکابەکە دابەزین، چاوەڕێی یەکێکی ناو پیکابەکە بوون" (ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٩) هەر لە درێژەی ڕووداوەکان و لەکاتی بیرهێنانەوەی ئەو دیمەنەی کە لەناو پیکابەکە بوون و دوو چەکدارەکە دڵخۆش و بە کەیف بوون، گێڕەرەوە دەڵێ "شاکامی و بزەی زەردی ئەم دوو چەکدارەی تەکت ئەوەندەی کە دڵت سەخڵەت دەکەن، پێت سەیر نابیت، چونکی کردەوەی وا هەر لەمانە دەوەشێتەوە، لە ڕێگاش لەناو پیکابەکەدا چەندیان کرد و کۆشان، زوانت لە زوانیان نەچەرخا، نەهاتیە گفت و زاق زاق تەماشات دەکردن و هەم ڕقت لێیان دەهاتەوە و هەم بەزەیی.." (ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ١٠) لە دیمەنێکی ترداو کاتێک یەکێکی تر دەیەوێت لە سابیر بپرسێتەوە و لیستێکی بەدەستەوەیە، ئەویش هەر کوردە و وەها وەسف دەکرێ و لە برگەیەکی تردا، گێرەوە دەڵێ "ئەوەی ناوتی نوسی، ڕانکوچۆغەیەکی حەلوایینی لەبەردا بوو، چاوی لە چاوت گیر کرد." (ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ١٠) کە دواجار سابیر ڕووی وەردەگێڕێت و لە ترسی ئەوەی کە نەکا بیناسێتەوە، سەیری ڕێڕەوەکە دەکات.
لە گێڕانەوەکەدا هەر لەسەر ئەمە دەڕوات و بەجۆرێک وەسفی ئەو کەسە دەکرێت، کە هەر چاوی لە چاوی بڕیون و بە جۆرێک لە جۆرەکان وەیستوویەتی بیانناسێتەوە. "دەرگاکەشت بۆ دەکاتەوە و چاوت لێ ناگوێزێتەوە، سەری کەمێک هێنایە پێشەوە، هەستت کرد بۆنی دەمی دێ." (ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ١١) بێگومان لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکە ئێمە شاهیدی ئەو دیمەنسازییەین، کە (جاش)ەکان ڕۆڵیان هەیە و دیمەنێکی وەک باسی لێوە دەکات، پڕ لە ڕق و بەزەیی دەنوێنێت.
لێرەدا کاتێک کە سەیری دیمەنسازی ئەم گێڕانەوەیە دەکەین، سەرنجمان بۆ لای دوو خاڵی گرنگ رادەکێشرێت، یەکەم ئەوەی بە هێنانەوەی وێنەی ئەو شەرواڵ لەپێیانە یان ئەو دەرکەوانە، کە مەبەست لێیان "جاشە"ە، وێنەیەکمان لە زەیندا بۆ دەخوڵقێنێت، کە ورووژێنەری ڕق و قینێکە بەرانبەر بە خودی خۆت؛ ئیتر بەدوای ئەوەدا ناچێت، کە چ شتێک وای کردووە ئەوانە ئاوا خۆیان بخەنە ناو داوی گێڕانەوە و فۆرمی داگیرکەر، بێگومان ئەمەش کارێکی وا دەکات، کە زیاد لەوەی سەرنج لەسەر ئامانج و هۆکارە سەرەکییەکە بێت، لەسەر ئەنجامە لاوەکییەکەی بێت. ئەم تێگەیشتنە هاوشێوەی ئەو تیرۆانینەیە، کە فانۆن باسی کردووە و خستمانەڕوو، کە دواجار بەشێکی گرنگ لە خەڵکانی داگیرکراو بۆ دەستنیشانکردنی شوین و پێگەیەک بۆ خۆیان و هەوڵدان بۆ مانەوە، خۆیان دەدەنە دەست فۆرمی هێزی باڵادەست. لەم ڕێگەیەوە چیدیکە داگیرکەر "ئەوی دی"ی ژێردەستە یان داگیرکراو نییە، بەڵکوو خودی خۆیەتی، بەڵام لە فۆڕمێکی تردا. ئێمە لەم گێرانەوەیەدا ئەگەرچی باسی سەرباز و چەکداری دیکەش دەبینین و لە چەند شوێنێکدا باسیان کراوە، بەڵام وێنەیەکی سەرەکی گێڕانەوەکە، جاشە. ئەوەندەی هەستی نەفرەت و ڕق بەرانبەر بە جاش دەورووژێنرێت، ئەوەندە وێنە گەورەکە نیشان نادرێت. ئەوەتا دوای ئەوەی کە دیمەنێکی دیکەی بەسەرهاتی ڕەشبگیرییەکە دەگێڕێتەوە، دەڵێ "دایکی ئەم گەرمیانە(٣)، کەمێک خۆی گرت و نەیدەویست بچێتە ناو زیلەکە و جاشێک قۆناغە تفەنگێکی پیا کێشاو وا ڕایکیشا یەخەی تلیشان، سنگی وەدەرکەوت، باش بوو ئافرەتێک زوو بە چارۆکەکەی خۆی سنگ و بەرۆکی شاردەوە"(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٣٦). هەر لە درێژەدا دەڵێ "لەناو زیلەکە جاشێکیان بە دیارمانەوە دانابوو، بێ ئەوەی کەسێک پرسیاری لێ بکات، وتی: دێهاتەکانی ئەوبەری ڕۆخانە بۆ لایەکی کە دەبەن و ئێوەش بۆ دوور"(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٣٦) بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی جێگەی سەرنجە و ناشیرینتر لە داگیرکەر، خودی خۆتی کە داگیرکەر لێی درووست کردووی. بەدەربڕینێکی تر، ئێمە سەرنجمان خراوەتە سەر شتە لاوەکییەکە.(٤)
خاڵێکی دیکەی جێگەی سەرنج لەم گێرانەوەیەدا ئەوەیە، کە ئەگەر کەسێک شارەزا نەبێت، نازانێت ئەوەی کە تاوانی بەرانبەر کورد و گەرمیان(وەک ناوچە و شوێنێکی جوگرافی) کردووە، کێ بووە. ئەگەرچی ئاماژەیەک بە هەڵەبجە دەکات

و ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو کارەساتەی بەرانبەر بە هەڵەبجە کراوە، خەڵکەکەی بێ ورە کردووە؛ وەک دەڵێت "دەنگوباسی لەمەوبەری هەڵەبجە، ترس و گومانی خستبووە دڵی خەڵکەکەوە و ورەی پێ نەهێشتبوون."(ئیسماعیل:٢٠٠٣:٢٣) ئەمەش تارادەیەکی زۆر ئاماژەی بە بکەری کردەوەکە کردووە. لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە کە پێویستە گێڕانەوەکە بەڕوونی و ئاشکرایی داگیرکەر نیشان بدات، بەڵکوو بابەتەکە ئەوەیە، کە نووسەر نەیتوانیووە وێنەی تەواوی پرسەکە بخاتەڕوو و بە پێچەوانەوە "ئەوی دی" ەکە کە دەستنیشانی کردووە، زۆرتر خودی خۆیەتی. ئەمە ڕێگا خۆش دەکات بۆ چوونە ناو بابەتێکی دیکە، کە ئێمە بە "بۆشایی مامەڵەی گوتاری" لەم دەقەدا ناوی لێ دەبەم و تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ وێنەی "جاش"یش کە لەم دەقەدا نیشان دراوە و لەسەرەوە خستمانەڕوو.

لە مامەڵەی گوتاریدا، کە سەرنج دەخەیتە سەر داگیرکەر، تانوپۆی هەموو بوونی داگیرکەر نیشاندەدرێت. واتە ئەوە تەنیا بوونە مادییەکە نییە کە دەخرێتەڕوو، بەڵکوو ڕەهەندە هزری و مەعریفییەکان و قوڵاییە مێژووییەکانیشن، کە شوێنێکی گرنگیان لە خستنەڕوو و شەنوکەوکردنی دیاردەکان و بەتایبەت دیاردەی داگیرکاری و سەردەستەیی هەیە، باسیان لێوە دەکرێت و گرنگیان پێ دەدرێت.

لەم ڕۆمانەدا بە کەمترین ئاست مامەڵە لەگەڵ تانوپۆی گوتاری داگیرکاری و سەردەستەییدا کراوە. کێشەیەک کە هزری داگیرکەر لەگەڵ کورددا هەیبووە و ئەنفالی لێ کەوتووەتەوە، کێشەیەکی فیزیکی نەبووە؛ ئەوە نەبووە کە ئەوان کەیفیان بە جەستە و شێوەی کورد نەهاتووە، وێنەیەکی ناشیرین و خراپی هەبووە، یان ئەوەتا نیشانەی شوومی پێوە بووە و هەیە، کێشەیەک کە ئەوان لەگەڵ کورددا هەیانبووە، پەیوەست بووە بە هەبوونی هزر و کردەوەیەک کە کورد لەخۆی نیشانیداوە و باوەڕی بە خودییەت و گەڕانەوەی خودییەتی خۆی بووە(ئەوەی کە فانۆن باسی لێوەکردووە). هەر جۆرە باوەڕ هەبوونێک بەم ستراتیژەش، لەلای ئەوانەوە بە گوناهی گەورە و نەبەخشراو هاتووەتە ئەژمار. لەم گێڕانەوەیەدا ئەوە دیار نییە، کە بۆچی ئەو خەڵکە وا لێ دەکەن؟ ئەوەتا دوای ئەوەی کە باس لەو ڕەشبگیرییە دەکات و دەڵێت "ئەم گێژەڵوکەیە، ئەم گەرداوە، ئەم سێڵاوە لیخن و شینە، لەناکاودا چی بوو وا ئەم هەزار هەزار ژن و منداڵ و پیر و لاوەی ڕاماڵیووە؟" لە درێژەدا دەڵێت " (بۆ وامان لێ دەکەن؟).. یەک دووجار لەژێر لێوەوە وات گوت، ئەم بەیانییەش خەڵکەکە هەمان (بۆ) یان لە تۆ دەپرسی" (ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ١٧). پرسیارە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئێمە وەها لە قەڵەم دەدەین نازانین بۆ وامان لێ دەکەن؛ دەزانین ئەو کارە هەر لە شەرواڵ لەپێیەکان دەوەشێتەوە، بەڵام نازانین فکر و هزری پشت ئەو کارە لە کوێوە سەریهەڵداوە؟! ئەم سێڵاوە لیخنە لە ناکاو نەبووە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەبووە، بەڵام لە فۆرم و شێوەی دیکەدا نیشاندراوە. ئەم تێگەیشتنە زیاتر ئەوکاتە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، کە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی خودێتی خۆت، دەکەی بە پاساوی ئەم ڕەفتارانەی داگیرکەر ـ سەردەستە(دواتر لێیدەدوێین).

ونبوونی ئەم ئاڕاستە گوتارییە مێژووییە، کارێکی وای کردووە، کە گێڕانەوەکە زیاتر تیشک بخاتەسەر ڕەهەندە ئامێریی و فیزیکییەکانی داگیرکەر؛ تانک، زیل، ئیڤا، سەرباز و ....هتد، ئەوانەش زۆر بەئاسانی دەتوانن ئەسڵی مەسەلەکە بەلاڕێدا ببەن. سابیری حاجی عەلی لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا و کاتێک فلاشباکێک لێ دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دەڵێت "لەسەر چەمەکە دانیشتم، یەک دوو شڵپ ئاوم بە دەموچاوم دا.. یەک دوو لۆچ ئاوم خواردەوە و بەدەم ئاوخواردنەوەوە، پێرارم کەوتەوە یاد.... دەمەو ئێوارەیەکی سارد، ئاوا بۆ سەردانی ماڵی پورم دەچووم، گەیشتمە سەر ئەم گردەی تەنیشتم، لەوکاتەدا چەمەکە، بە زەحمەت بواری دەدا، لەسەر گردەکەوە دەمڕوانییە ئاوایی، لەو کاتەدا چەند تانکێ دەورەی ئاواییەکەیان دابوو، سەربازەکانیش لەناو دێ بوون، زۆری نەخایاند کشانەوە و ئاگریان لە چەند خانوویەک بەردا."(ئیسماعی: ٢٠٠٣: ٢٤). شیاوی ئاماژە پێ دانە کە سەرەکیترین وێنەی ئەو "ئەوی دی"ەی کە کارەکتەری سەرەکی ئەنفالە، تەنیا لەو دەرکەوتانەدا نیشاندراوە، کە خستمانەڕوو. تەنانەت ئەمە تا ئەو ئاستە چووەتە پێش، کە زۆرترین ناشیرینی هێزە بکوژەکان لە دەستدرێژیکردنە سەر کچان و ژنان لێک بدرێتەوە و دواجاریش زۆربەی خەم و خەفەت هەر لەو پێوەندییەدا نیشان بدرێت. ڕەهەندە گوتارییەکانی دیکە بە زۆری پشتگوێ خراون.

## کورد و گوناهباریی هەمیشەیی؛ باوەڕهێنان بە حەتمیەتی دەسەڵاتی داگیرکەر

وەک ڕوونمان کردەوە، هەندێکجار دەسەڵاتی داگیرکەر تێگەیشتنێکی ئەوتۆ دەهێنێتە پێشەوە کە ئەوە بەشێکە لە سروشت و نەریتی داگیرکراو، کە یان خۆی بدات بەدەستەوە یان ئەوەتا تەنیا و تەنیا دەبێت چاوەڕێی نەهامەتی بێت. یان بە دەربڕینێکی تر بەشی سروشتیی تۆ لە ژیان هەر ئەوەیە کە هەیە، پێویستە خۆتی بدەی بەدەستەوە. بۆیە لە تێگەیشتنی کەسی داگیرکراو(کە خودێتی خۆی لە دەست دابێت) ئەوە سروشت و حەتمیەتێکی مێژوویی نەگۆڕە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆ لێلادانی نییە. لە گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانەدا لە دیمەنێک دا دەڵێت "دەڵێن زوو زوو خەڵکی ئەم گەرمیانەیان بۆ لیبیا و ژووڕووی ئەفریقیاش پەڕاگەندە کردووە! لەمەش کۆنتر، سەنحاریب ناوێک بە لەشکرێکی زۆرەوە بە گەرمیاندا تێپەڕیووە، تا گەیشتووەتە قەرەداغ؛ گەرمیانییەکان دەستەوەستان دانەنیشتوون، ساڵێک ئەو لەشکرەیان پەنگدابووەوە و ڕێگای ڕۆشتنیان لێ بڕیبوو. لە دواییدا گەرمیانییەکان کۆڵدەدەن، بەڵام کوشتارێکی بێبەزەییانەیان لێدەکەن."(ئیسماعیل: ٢٠٠٣:٢١) بەم جۆرە ئەمە بووەتە نۆستالیژیا و چارەنووسی ئەم گەلە و بەتایبەت گەرمیانییەکان و لە چەندین شوێنی ئەم ڕۆمانەدا بەڕوونی ئاماژە بەوە دەدرێت، کە بۆ دەبێت چارەنووسی ئەم خەڵکە بەم شێوەیە بێت و بەشیان هەر ناخۆشی بێت.

ڕەهەندێکی دیکەی ڕەنگدانەوەی ئەم گوناهبارییە هەمیشەییە، ئەوەیە کە ئێمە لە چوارچێوەی گێڕانەوەکانماندا، هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە قەناعەت بەوە دەهێنین، کە ڕەفتاری داگیرکەر بەجۆرێک لە جۆرەکان دەرەنجامی ڕەفتار و کردەی خۆمانە. ئیتر بیر لەوە ناکەینەوە کە هۆکاری یەکەمین کێیە؟ بیر لەوە ناکەینەوە ژینگەیەک کە ئێمەی تێدا دەژین و خاوەن زمان و ژیان و شێوەی بیرکردنەوەی خۆمانین، چ حیکمەتێکی تێدایە یەکێک بێت بنەڕێنێت بە سەرماندا و لێمان بپرسێ " اسمعوا. منو بیکم یعرف عربی؟"(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٦٤) و وەرگێڕمان بۆ بێنن، دواجاریش هاواری نائومێدی بەرز بکەینەوە و ڕوو لە خوا بکەین و بپرسین "بڕوا ناکەم ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە بەسەر کەسی کەدا هاتبێت. خۆزی خەتایەکمان کردبێ... نازانین لەسەر چی و لە پای چی بەم دەردەمان دەبەن"(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٦٧) کێشەکە لێرەدایە، ئێمە ئەوە نابینین "ئەوی دی" هاتووەتە وڵاتەکەمان، شوێنی ژیانی باب باپیرانمان، دەنەڕێنێت بەسەرماندا و پێویستە ئێمەش لە زمانەکەی بگەین!! دواجاریش دەپرسین کە دەبێ چمان کردبێ؟ ئێمە هیچمان نەکردووە، ئەوەی کردوومانە بوونمانە کە ئەو لێی تێناگات. ئەمە تا ئاستێک دەچێتە پێشەوە کە هەستانەوەی خۆمان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی خودیەتی خۆمان، بە هۆکاری نەهامەتییەکانمان دەزانین!!

لەم ڕۆمانەدا لە چەندین شوین بەڕوونی ئەوە هەست پێ دەکەین، کە لۆمەکردنێکی خۆمانەمان هەیە، بەجۆرێک کە پاساودانی ڕەفتاری خراپی ئەوانە بەرانبەرمان؛ لە یەکێک لە دیمەنەکانی ئەم ڕۆمانەدا، دەتوانین ئەوە ببینین؛ دوای ئەوەی سابیری حاجی عەلی دەگاتە قوتابخانەکە و ئەو هەموو خەڵکە دەبینێت، دەچێتە ناو مەنەلۆگێکەوە؛ "ئاوایی (قەڵا) سەرتۆپی دەورەی داوی، چاویان لە دەمی تۆ بڕیوە. سەرزەنشت و توڕە بوون لە ڕوویاندا دەخوێنیتەوە... بۆ؟ بۆ بەجێیان هێشتین؟ ئێمە لەم دەشتە کاکی بە کاکییەدا چیمان پێ دەکرێت؟ بۆ کوێ بڕۆین و کوێ دەمانشارێتەوە؟ بۆ لێنەگەڕان زووتر بە خۆمان بکەوین؟ بۆ بەر لە وەخت ڕێگاتان نەداین، ڕوو لە شارێک بکەین و خۆمانی تێدا بشارینەوە؟ بۆ دەستی وڵاتێکی دیکەتان گرت و هێناتان ئێستا ئەوەشیان بە بیانو کردووە، لە ڕقی ئەوەدا ئاوامان لێدەکەن. هەزار (بۆ) لەسەر لێویاندایە..." (ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ١٣) ئەم جۆرە لۆمەکردنە لە درێژەی گێڕانەوەکەدا بەردەوامە و لە دیمەنێکی تردا، لە بەرانبەر ئەو گومانانەی کە هەن و ئەو لۆمەکردنانە، سابیر لە دڵی خۆیدا دەڵێت "دامنابوو پێیان بڵێم: بڕۆن... تا زووە بڕۆن. گوێ بە قسەی کەس مەدەن، بڕۆن لە دڵی خۆما نیازم بوو ئاوایان پێ بڵێم... ئەمە سی ساڵە.. پەنجا ساڵە، هەر دەستی ئەم خەڵکە بە زاخا دەکەن و تووشی فەلاکەتیان دەکەن.. ئا ڕاست و باریک بە تەمابووم ئاوایان پێ بڵێم..."(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٢٧) یان لە دیمەنێکی تردا ئەوە زۆر بەڕوونی، سەبارەت بەم هەلومەرجە کە هاتووەتە پێشەوە، دەردەبڕێت، سەبارەت بەوەی کە ئەو هەموو خەڵکە هەناسە سارد بوون، دەڵێت "خوا سەر لەوە بشێوێنێ وا سەری لەم گەرمیانیانە شێواند."(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٢٨) پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئەوە کێیە سەری لەم گەرمیانییانە شێواندووە؟ بە گوێرەی گێڕانەوەکانی ناو ڕۆمانەکە بێت، ئەگەر یەک جار ئاماژە بێت بۆ دەسەڵاتی داگیرکار(کە لە ڕوانگەی ئێمەوە

ئاماژە نییە بۆ ئەوان) دە هێندە ئاماژەیە بۆ خودی کوردی(بزووتنەوەی کوردی، واتە "ئەوی دی"ی خۆی)؛ بۆیە دەڵێم خودی کوردی، چونکە وەک فانۆن دەڵێ ئەوەی دژ بە ڕەوتی داگیرکاری هەڵبستێتەوە، لە هەوڵی گەڕاندنەوەی خودێتی، ناسنامە و نەتەوەی خۆیدایە. هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەمەش، لە یەکێک لە دیمەنەکانی ڕۆمانەکەدا، دوای ئەوەی کە چەند تەرمێک دەبەن بۆ ناشتن، یاساوڵەکە کە کەمێک دووردەکەونەوە لە پرمەی گریان دەدات. لەم نێوەدا سابیر وا هەست دەکات کە دڵی نەرم بووە، بۆیە بە دەرفەتی دەزانێ و لێی دەپرسێ:

"پێم نالێی بۆ وامان لێدەکەن؟!

منیش زۆرم پێ سەیرە... بەڵام دەستم دامێنت نەکەی لەبەرچاوی یاساوڵێکی تر ئەم جۆرە قسانەم لەگەڵدا بکەی.. من برایەکم شەش مانگ لەلای ئێوە ئەسیر بوو، کە گەڕایەوە باسی پیاوەتی ئێوەی بۆ گێڕاینەوە... حەیفە ئێوە واتان بەسەر بێ، بەڵام هەیچ دەستەڵاتێکم نییە."(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٨١) کە لێرەدا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت بزووتنەوەی کورد یەکێکە لەوانەی کە دەتوانێت بە پێی گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانە، هۆکاری سەرلێشێوانی گەرمیانییەکان بێت.

کاتێک کە سەیری ئەم دەربڕین و دیمەنانە دەکەین، دەبینین سنوورێکی ڕوون لەنێوان کورد و ئەوی دی (خود و ئەوی دی) نییە؛ نەک تەنیا هەر ئەمە، بەڵکوو بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوەندەی کە خودەکە دەکەوێتە ژێر باری لۆمەی مێژوویی "ئەوی دی"ی خۆی، هزری پشتەوەی ئەنجامدەری ئەنفال ئامادەیی نییە، کە تەنانەت ئەو "ئەوی دی"ەشی (جاش)، خوڵقاندووە. تەنانە ئەمە تا ئەو ئاستە دەچێتە پێش، دوای ئەوەی لەکاتی ناشتنی تەرمەکاندا، سابیر وەهم هەڵیدەگرێت، هەست دەکات یەکێک بانگی دەکات؛ ئەو کەسە چنارە. چنار وەک لە گێڕانەوەکەدا دەردەکەوێت، دڵداری سابیر بووە. سابیر چووەتە خوازبێنی، بەڵام نەیانداوەتی. ئێستا وا دیارە ئەوە ڕۆحی چنارە و هاتووە بۆ لای سابیر، چونکە چناریش پێشتر بەر شاڵاوەکە کەوتووە و بە بیابان سپێردراوە؛ ئیتر سابیر لەگەڵی دەکەوێتە قسە و دەڵێ: "چنار لە کوێی بێم بۆ لای تۆ..؟

پەلەت نەبێ... دێی... ئێمە ڕزگارمان بوو، زۆرین.. سابیر ویستیان (پیسمان بکەن)...

ئەی نامەردینە..

بە کێ دەڵێی؟... بەوانەی لای خۆمان ئەڵێی یان بەمانەی ئێرە؟...

هەموویان چنار.. هەموویان.... "(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٩٢) لێرەدا زۆر بەڕوونی نادیاری ئەو سنوورە هەست پێ دەکەین لەنێوان کورد و (ئەوی دی)ی خۆی. چونکە لۆمەکردن و تەنانەت خستنەژێر پرسیاری زۆری تێدا دەبینین؛ لێرەدا ئەو "هەموو"ە دیار نییە کێن؟ چونکە دوو ئاڕاستەی سەرەکی لێرەدا هەن، یەکێکیان گوتاری داگیرکەرە و ئەوی دییشیان ئاڕاستەی پێچەوانەکەی، کە لە بەشێک لە گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانەکەدا، پرسیاری خراوەتە سەر. ئەوەتا لە دیمەنێک تریشدا دوای ئەوەی باس لەوە دەکەن کە لەناو یەکێک لە ژوورەکاندا منداڵێکی ساوا مردووە، یەکێک لە کارەکتەرەکان دەڵێت: وتیان ناهێڵین کەس زیانی لێ بکەوێت.. کەسیش بۆ شار نەچێ و ڕەو مەکەن.. بەچاوی خۆشتان بینیتان چۆن بەجێیان هێشتین و خشەیان لێکرد و بۆی دەرچوون و ئێمەیان بەجێ هێشت"(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٦٧)

ئەم تێگەیشتنە بەجۆرێک لە جۆرەکان نیشاندەری ئەوەیە کە ئێمە لە زەینیەتی خۆماندا پرسی ناسنامە و جۆری دەرکەوتنی خۆمانمان بەلاوە گرنگ نییە و بە ژێردەستەبوونێکی ئاسایی، ئامادەین باجی ئەوەی کە جیاوازین و لە نەتەوە و هزرێکی ترین بدەین. خاڵی جێگەی سەرنج لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە، کە بە تێکڕایی ناتوانێ ئاماژەیەکی ڕوون بۆ شکۆمەندی مێژوویی و جەوهەری پرسی کورد بدۆزییەوە. لێرەدا مەبەست ئەو جەوهەرەیە کە بووەتە بزوێنەری ڕەوڕەوەی مێژووی کوردستان و هەمیشە وەک گوتار یان کردەوەیەک بەرانبەر بە گوتار و کردەوەی داگیرکەران خۆی نیشانداوە. لە برگەیەکدا دیمەنێک نیشاندەدرێ کە ئاماژەیەکی بۆ ئەو پرسە مێژووییە تێدایە. دوای ئەوەی کە بە سابیر دەڵێن بەشکەم لە یاساوڵەکە قسەیەک وەرگرێ و بزانن چیمان لێ ئەکەن، ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێ "براواناکەم... بەڵام بەشکو خواو راسان یەکێکیان تیا هەبێ تۆزقاڵێ بەزەیی لەلا مابێ... ئەمانە بورغی مەکینەیەکی گەورەن، ئەوە بۆ سی ساڵ دەچێ فێریان دەکەن چۆنمان لەناو بەرن... ڕاستییەکەی دوو هەزار ساڵە ئێمە مەترسی کارێکی وامان بەسەرەوەیە.."(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٧٩) بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم دەربڕینە سادەیە، لە دەیان شوین بە بێ ئاگایی

لەوەی کە ئەوان دەیانەوێت چیمان لێ بکەن و بۆ وامان لێ دەکەن، وەڵام دەدرێتەوە. واتە باڵانسی ئەو دوو هەزار ساڵە لەمگێڕانەوەیەدا زۆر زۆر هەژارە، بە جۆرێک کە تەنیا لەم دیمەنە و دیمەنێکی تردا هاتووە. هەر لە درێژەی ئەو گێڕانەوەیەی سەرەوەدا و کاتێک باس لەو هەزاران ساڵە دەکرێت، " هاپۆ خدر دەمی داپچڕی و بە سەرسامییەوە پرسی: چییان لە ئێمە ئەوێ؟"(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٧٩) ئەمە و لە چەندین شوێنی تریش ئێمە لەگەڵ ئەو دەربڕینەدا ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە باس لە بێئاگایی نەتەوەیەک دەکات سەبارەت بە بوونی خۆی و کێشە مێژووییەکەی؛ "وا ئێستا ئەم حەشاماتە کە ئەمسەر و ئەوسەری دیار نییە، دوو بەشن، لایەک ئافرەتە و منداڵی بەرمەمکە وپێڵاوکە، لەیەکی دی لە حەوت ساڵانەوە تا پەککەوتە.. بێکەس و بێ دەستەڵات چەکدارێکی زۆر دەورەیان داون، هەموویان تووڕە و قین لەدڵ دیارن، نازاندرێ بۆ ئەوەندە ڕقیان لەم مرۆ سادە و بێ گوناهانە دەبێتەوە."(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٤٨) هەر لە درێژەدا و لە دیمەنێکی تردا و لەپێوەندی لەگەڵ ڕق و قینی سەربازەکان بەرانبەر بە خەڵکەکە هاتووە "ئەوانەی وا ئازاریان دەدەن تا ئێستا نەیان بینیون و باوکیان لە مزگەوتێکدا نوێژیان نەکردووە، کەچی ئا بەم جۆرە ڕقیان لێیانە. سەریان لەمە دەرناچێ"(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٤٩) ئەم بێ ئاگاییە لەوەی کە ئەوان بۆچی وا لەو خەڵکە دەکەن، بۆ زۆرێک لەو نەتەوانەی کە لە مێژووودا کێشەی داگیرکارییان هەبووە، وەکوو بەشێک لە ئامرازی پەرەپێدان و هێشتنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر خۆی نواندووە. لەم ڕۆمانەدا ئاماژەیەک بەو پاسیڤی و بێدەسەڵاتییە کراوە؛ ئەوەتا لە دیمەنێکدا کە باس لەوە دەکرێت ئایا ئەوانە سۆز و بەزەییان نییە و، نامانگەڕێننەوە بۆ ماڵەوە و ئازادمان ناکەن، کارەکتەرێک دەڵێت "نەخێر نامان گەڕێننەوە... لێمان دەترسن، وا دەزانن ئێمە گەورە و بچووک شێر لە هەسان دەسووین و یەکەیەکە سەریان دەبڕین، بۆیە ئێژن بەرلەوەی ئەم بەچکە جنۆکانە سەرمان ببڕن، ئێمە خۆمان دەزانین چییان لێ دەکەین (تۆ) یان دەبڕینەوە."(ئیسماعیل: ٢٠٠٣: ٥٦) ئەمە لە کاتێکدایە وەکوو پێشتریش باسمانکرد ئێمە بە بەردەوام لە زەینیەتی باوی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشماندا، باس لەوە دەکەین کە نازانین بۆ وامان لێ دەکەن(لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا). یان بە دەربڕینێکی تر خۆمانی لێ گێل دەکەین و پێمان وایە ئەگەر بە بێدەنگی و پاسیڤی دانیشین ئیتر ئەوان بەرانبەر بە ئێمە بێدەنگ و پاسیڤ دەبن.

لەسەر بنەمای ئەو گێڕانەوە ودیمەنانەی ڕۆمانەکە و ئەو شرۆڤانەی کە خستماننەڕوو، کورد لەم دەقەدا، بەوشێوەی کە پێویستە سنووری نێوان خۆی و "ئەوی دی"ی داگیرکەری خۆی نەخستووەتەڕوو؛ بەپێچەوانەوە لە زۆر حاڵەتدا، کورد خۆی کردووە بە "ئەوی دی"ی خۆی. ئەم تێگەیشتنە وای لێ کردووە کە بیر لە خودێتی خۆی نەکاتەوە، لەکاتێکدا ئەوەی کە داگیرکەر یان سەردەستە دەیەوێت، نەمان و نەهێشتنی ئەو خودێتییەیە. بۆیە دواجار وەک لە ڕوانگەی فانۆنەوە خستمانەڕوو، کاتێک تاکەکانی نەتەوەیەک بە دوای ئەو خودێتییەدا نەگەڕێن، ئەوا خۆیان دەسپێرنە دەستی بەها و باوەڕەکانی سەردەستە یان داگیرکەر و شتەکانی خۆیان بە پەست و نزمتر دەزانن و دواجار بەڵگەی ژێردەستەیی خۆیان مۆر دەکەن. ئەوان لەم ڕوانگەیەوە وا دەزانن کە حەتمییەتی مێژوویی دەسەڵاتی داگیرکەر شتێکی بێ ئەملاو ئەولایە، بۆیە بۆ هەر کارێک کە ببێتە هۆکاری نەهامەتی بۆیان، هەم خۆیان لۆمەدەکەن و، هەم خۆشیان لە مێژووی هزر و بیر و باوەڕ و شکۆمەندی خۆیان دەدزنەوە یان نایخەنەپێشچاو یان خۆیانی لێ دەشارنەوە. جێگای سەرنجە کە ئاماژە بەوەش بکەین، لە سەرلەبەری ڕۆمانەکەدا ئێمە هیچ جۆرە ئاماژەیەک بۆ شانازییەکانی رابردوو، خەباتی نەتەوەیی، شکۆمەندی مێژوویی و هەموو ئەو ڕەهەندانە نابینین، کە سەرچاوەی ڕقی ئەوانی تر(داگیرکەر ـ سەردەستە)ە بەرانبەر بە کورد. هەموو ئەو نۆگرییانەش کە لە ڕۆمانەکەدا سەبارەت بە گەرمیان(وەکوو شوێن) نیشان دەدرێت، زۆرتری لایەنی سروشتی و تایبەتمەندییە ژینگەییەکەی و هەندێک نۆستالیژی تاکەکەسییە، کە نەیتوانیوە خۆی لە گوتاری "ڕزگاریخوازی"دا جێبکاتەوە. لێرەوەیە کاتێک کە سەرەڕای زوڵم و زۆر، لە گوتاری ڕزگاریخوازی خۆت بەدوور گرت و خۆت لۆمە کرد و رابردووشت لەبیرکرد، واتە باوەڕهێنان بەوەی کە گوناهبارێکی هەمیشەییت؛ واتە پێتوایە دەبێ هەر ژێردەستە و چاولەدەست بیت و دەبێ هەمیشە چاوەڕوانی کوشتن و بڕین بی(سەرەڕای ئەوەی ناشزانی بۆ دەتکوژن). گرنگ نییە تۆ چەند پاسیڤی، گرنگ ئەوەیە "ئەوی دی"ی داگیرکەر، هەمیشە تۆ بە هەڵگری ئەو گوناهە هەمیشەییە دەبینێت. هەمیشە لەبەردەم مەترسی لەناوبردن و قڕکردنی. ئەمە زیاد لەوەی قسەیەکی سیاسی بێت ئەزموونی مێژوویی

داگیرکارییە، کە ڕوانگەی پۆستکۆلۆنیالیزم بە گرنگییەوە تیشکی دەخاتەسەر.

## ئەنجام

لە دوو توێی شرۆڤەکانی ئەم توێژینەوەیەوە، گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ـ ئەنفال لەو شوێنەوە کە کردەی حکومەتێکی زاڵ بەسەر خاکی کوردستان و خەڵکەکەی بووە، خاوەنی گرنگییە بۆ توێژینەوە پۆستکۆلۆنیالییەکان، بەتایبەت لەوێوە کە پەیوەستە بە بەرجەستەکردنی چۆنیەتی ڕوانینی داگیرکراو بۆ داگیرکەرەکەی.

ـ لەم ڕۆمانەدا ڕەوتی گێڕانەوەکان و دیمەنسازی ڕووداوەکان بەجۆرێکە، کە مرۆڤ ناتوانێت هێڵێکی ڕوونی جیاکەرەوە لەنێوان داگیراو و داگیرکەر بکێشێت، بەتایبەت لەوبارەوە کە بەشێکی گرنگ لەو "ئەوی دی"ەی کە داگیرکەرە، لە وجودێکی کوردیدا بەرجەستە کراوە(جاش). هۆکاری ئەمەشمان بە بۆشایی مامەڵەی گوتاریی داناوە و ناودێر کردووە، کە لە ڕۆمانەکەدا نەتوانراوە هەموو ڕەهەندەکانی گوتاری داگیرکەر بخاتەڕوو، کە بێگومان جاشیش یەکێکە لە بەرهەمەکانی.

ـ ئەوەی لەبارەی "ئەوی دی"ی داگیرکەرەوە خراوەتەڕوو، زۆرتر لە ڕەهەندە مادییەکانیەوەیەتی وەکوو زیل، ئیڤا، سەرباز، تانک و ...هتد. بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە ڕەهەندی هزری ئەو گوتارە نەکراوە، کە ئەو کارەساتە گەورەیەی خوڵقاندووە.

ـ بەکەمترین و دەتوانین بڵێین تا ئاستی نەبوو، لە ڕۆمانەکەدا باسی هیچ شکۆ و شانازییەکی مێژوویی پەیوەست بە پرسی کورد نەکراوە، کە بێگومان سەرچاوەی سەرەکی دژایەتی داگیرکەرە لەگەڵ کوردستان و خەڵکەکەی.

ـ ڕەهەندێکی ڕەخنە لە خۆگری یان ڕاستتر بڵێین خۆ لۆمەکردن سەبارەت بە خودیەتی کوردی لە ئارادایە. مەبەست لەو خودیەتەی کە لە هەوڵی بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەردایە، ئەمەش بەتایبەتی لەوبارەوە دەردەکەوێ، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پاساوی دژایەتیی داگیرکەر و درندەییەکەی پێ دەدا. لە ئەنجامی ئەو لۆمەی خۆکردنە و دەرچوون لە گوتاری ڕزگاریخوازی و باسنەکردن یان شاردنەوەی شکۆمەندی و ڕەوایەتیی مێژوویی، جۆرێک لە خۆدانەدەست گوتاری زاڵی داگیرکەر دەبینرێت و بە جۆرێک لە حەتمییەتی مێژوویی نیشان دەدرێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

**بە کوردی:**

ـ ئیدوارد سەعید(٢٠١٨)، ڕۆژهەڵاتناسی، وەرگێرانی: د. موحسین ئەحمەد عومەر، وەفایی، هەولێر.

ـ ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل(٢٠٠٣)، بەهاری ڕەش، دەزگای ئاراس، هەولێر

**به فارسی:**

ـ ازاده شاهمیری (١٣٨٩)، نگریه و نقد پسا استعماری، نشر علمی، تهران.

ـ سعید سبزیان و میر جلال الدین کزازی(١٣٨٨)، فرهنگ نگریه و نقد ادبی، چاپ اول، انتشارات مروارید، تهران.

ـ فرانتس فانون(١٣٥٥)، پوست سیاه و صورتکهای سفید، ترجمه: محمد امین کاردان، انتشارات خوارزمی، چاپ دوم، تهران.

ـ ویلفرید الگورین(١٣٨٨)، درامدی بر شیوههای نقد ادبی، ترجمه د. علیرچا فرحبخش و زینب حیدری مقدم، چاپ پنجم، رهنما، تهران.

**بە ئینگلیزی:**

- Ann B. Dobbie (2015), Theory into Practice; An Introduction to Literary Criticism, 4th edition, U.S.A.
- Bill Ashcroft, Ggareth Griffiths and Hellen Tiffin (2013), Postcolonial Studies; The key Concepts, 3rd edition, Routledge, London.
- Charless E. Bressler (2007), Literary Criticism; An Introduction to Theory and Practice, 4th edition, Pearson, U.S.A.
- Frantz Fanon (2004), The Wretched of the Earth, Grove Press, New York.
- Lois Tyson (2006), Critical Theory Today, 2nd edition, Routledge, London.
- M.H. Abrams and Geoffery Harpham (2011), A Handbook of Literary Terms, India.
- Patricia Waugh (2011), Literary Theory and Criticism, Oxford University Press

**Kurds as 'The Other' to Themselves in the Novel Black Spring (Behari Resh): from the Perspective of the Theory of Postcolonialism**

**Hazhar Ahmed Abdulghafur**
Department of Kurdish Language, Faculty of Art,
Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**Abstract**
This research is entitled as "Kurds as 'the Other' to Themselves in the Novel Black Spring: From the perspective of the theory of postcolonialism". The novel "Black Spring" which is written by "Ahmed Mohammed Ismail" is a narrative about the Anfal genocide in Germyan, Iraqi Kurdistan. The genocide and the related narratives are very important research materials for revealing how Kurdish individuals view their "Others" who inflicted this tragedy upon them. This study attempts to identify and explain the Kurdish understanding of the Otherness and their Other in one of the narratives specific to Anfal. Through this approach, we want to determine whether there is a defined boundary between Kurds and their opponents in this narrative.
The research conducted by using descriptive-analytical methodology; first establishes the theoretical framework based on postcolonial theory, particularly drawing on the ideas of Edward Said and Frantz Fanon. It then attempts to identify the manifestation of the "Other" in the novel under the light of these theoretical perspectives. Here, the hypothesis is that the Kurds have become their own "Other," and there is more of a self-blame behind the narratives, which has led to a kind of surrender to the historical inevitability of colonial power and their dominance.
**Keywords**: Postcolonialism, The Other, Colonizer, Colonized, Black Spring (Behari Resh)

**الكرد كاالآخر لأنفسهم في رواية الربيع الأسود(بەهاری ڕەش): قراءة في ضوء نظرية ما بعد الاستعمار**

**هەژار أحمد عبدالغفور**
قسم اللغة الكوردية،جامعة سۆران ،سۆران إقليم كوردستان،العراق
Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**الملخص**
هذا البحث معنون بـ (الكرد كاالآخر لأنفسهم في رواية الربيع الأسود(بەهاری ڕەش): قراءة في ضوء نظرية ما بعد الاستعمار). الروايةجامعة كتبها أحمد محمد إسماعيل، وهي سرد عن فاجعة الأنفال في گرميان، في كوردستان العراق.
تُعد عمليات الأنفال في كوردستان والسرديات المتعلقة بها مواد بحثية مهمة للكشف عن كيفية نظرة الكرد إلى "الآخر" الذي جزء منهم، وألحق بهم هذه المأساة. يحاول هذا البحث تحديد وشرح الفهم الكوردى للآخر المذكور، في إحدى السرديات الخاصة بالأنفال. من خلال هذا البحث، نريد تحديد ما إذا كان هناك حد فاصل محدد بين الكورد وخصومهم في هذه السردية .
يعتمد البحث، الذي أُجري باستخدام المنهجية الوصفية–التحليلية، على إنشاء إطار نظري يستند إلى نظرية ما بعد الاستعمار، خصوصا وفق آراء إدوارد سعيد وفرانز فانون، ثم يحاول تحديد تجلي "الآخر" في ضوء هذه المنطلقات النظرية.
تتمثل فرضية البحث في أن الكورد قد أصبحوا "الآخر" لأنفسهم، وأن هناك المزيد من لوم الذات وراء السرديات، مما أدى إلى نوع من الاستسلام للحتمية التاريخية للقوة الاستعمارية وهيمنتها.
**الكلمات المفتاحية**: ما بعد الاستعمار، الآخر،مستعمر، استعماري، الربيع الأسود(بەهاری ڕەش).

**پەراوێز:**

١ـ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ساڵی ١٩٤١ لە یەکێک لە گوندەکانی گەرمیان لەدایکبووە. خاوەنی دەیان بەرهەمی نووسین و وەرگێڕانە. لە ٢٠٢٣/٤/٢٦ لە هەولێر کۆچی دواییکرد. ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) لە ساڵی ١٩٨٨ نووسراوە.

١ـ لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە بڵێین هەموو رزگاربوونێک تەنیا و تەنیا بە شەڕ دەستەبەر دەبێ. بەڵکوو مەبەستەکە لە دژوەستانەوەی داگیرکەرە، ئیتر لە هەر فۆرمێکدا بێت. بەڵام ئەوەش روونە کە داگیرکەر تا ئەوشوێنەی بۆی بلوێ، ناهێڵێ ئاڵنگاری جدی بۆ گوتارە هەژمونخواز و دەسەڵاتخوازەکەی درووستبێ؛ ئیتر چ بە قسەی خۆش بێ یان ناخۆش و شەڕ!

٣ـ "گەرمیان" منداڵێکی کارەکتەری دیکەی ناو ڕۆمانەکەیە کە لەناو خەڵکە کۆکراوەکەیە.

٤ـ لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە جاش بە باش دابنرێت و گوناهی ئەو کارانەی کە بە دژی خەڵکەکەی خۆی ئەنجامیداون سووک بکرێن؛ ئەمە پرسێکی بەهاییە و ئەم تویژینەوەیە نایهەوێ خۆی لێدا؛ ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەیە کە چۆن داگیرکەر ئەوی تریێکت لە خۆت بۆ درووستدەکات، کە هەم دەیکێشێتە ناو سیستەمی گوتاری و بەهایی خۆیەوە و چۆن سەرنجی خودی خۆشت، کە بەدوای خودێتی نەتەوەکەتەوەیت، لەسەر وێنە گەورەکە لادەبات و پەرتی دەکات.